# هەرەسی فدرالیەت لە دەستووردا


## ئەمجەد غەفور

ghafur@ukonline.co.uk


"ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان‌و دیموکراتیەت بۆ عیراق" دروشمی بزووتنەوەی کوردایەتی بوو، کە لە سەرەتای سەرهەلدان‌و گەشە کردنیاندا وەك هێزێکی سیاسی لە کوردستانی عیراقدا خۆیان پێ ناساند، کە لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە دەستیان داوەتێ تا سەرەتای نەوەدەکان، هەرچەندە لە سەرەتادا دروشمەکەیان لە نیوان ئۆتۆنۆمی‌و لا مەرکەزیدا ساغ نەکرابۆوە، بەلام دواتر بۆ دوو دەیە زیاتر چالاکی سیاسیان لەبەرامبەر دەولەتی عیراقدا بە "چەکداری‌و دیبلۆماسی" "شەرو ریکەوتن" لە ژێر دروشمی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستاندا درێژە پێ ئەدا، بەلام نە کوردستان "ئۆتۆنۆمی پێ رەوا بینرا"و نە "عیراقیش بووە دیموکراتی".

ئۆتۆنۆمی دروشمی بە حساب تاکتیکی بزووتنەوەی کوردایەتی بوو، نەك خواست‌و ئامانجی خەلکی کوردستان، بەرنامەی حیزبە کوردیەکان بوو نەك خەبات بۆ نەهیشتنی زولمی نەتەوایەتی‌و ئازادی سیاسی، ناوەرۆکی ئەم دروشمەو هەلسورانی سیاسی بەدەوریدا تەنها هەولدانی ئەو هیزە سیاسیانەبوو بەناوی کوردایەتی‌و کوردبونەوە بۆ وەرگرتنی دەستکەوت‌و ئیمتیازاتیك لە دەولەتی مەرکەزیدا.

هەرچەندە بزووتنەوەی کوردایەتی لە عیراقدا هەر لەسەرەتاوە لە باری تەشکیلاتی‌و هیزی چەکداری درزیان تێکەوت، وەك دوو هیز لە سەر شانۆی سیاسی کوردستانی عیراقدا بەناوی "مەلایی‌و جەلالی" چالاکی سیاسیان دەنواند، بەلام هەردوولایان بێ ئەملاولا هەر بە دەوری دروشمی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان هەلدەسوران، ژیانی سیاسیان لە هەر هەلبەزو دابەزێکدا، بە ریکەوتن لەگەل دەولەت یاخود لە شکستەکانیاندا بەم دروشمە بەسەر دەبرد، ململانێی سیاسیان لە بەرامبەر دەولەتی مەرکەزیدا هەر بەم دروشمەوە تا رادەی تەسلیم بون بە سیاسەتەکانی دەولەتی مەرکەزی دەگونجاند.

ئەم دروشمە لە هەلسورانی سیاسی بزووتنەوەی کوردایەتی جگە لەوەی دەردی سەری‌و سەوداو مامەلەبوو بەسەر خەلکی کوردستانەوە، لە هەمان کاتدا دەولەتی مەرکەزی هیچ دەستکەوت‌و ئیمتیازێکی سیاسیشی بە خودی ئەو هیزانە لە دەولەتی مەرکزیدا نەدەبەخشی‌و رەوانەدەبینی، گەر بۆ کورت ماوە دەولەتی مەرکەزی ریکەوتنێکی ئەنجام بدایەو لە یەك دوو وەزارەتدا دای بمەزراندنایە، کلاویکی وەهای دەکردە سەریان بە ئابروچونەوە دەگەرانەوە بۆ شاخ‌و شەری چەکداری.

پاش ئەوەی لە دوای روداوەکانی ئازاری 91 حیزبەکانی کوردایەتی کوردستانی عیراقیان کەوتە دەست، ئەو دوو هیزە "یەکیتی نیشتمانی کوردستان‌و پارتی دیموکراتی کوردستان" بە گویرەی نفوزی دەسەلاتیان هەریەکەیان ناوچەیەکی بۆ خۆی داگیر کردو دەسەلاتی میلیشیایی حیزبەکانیان تیا دامەزران.

دیارە ئیتر خواستی ئۆتۆنۆمی شتیکی سوك‌و بێ ماناو سەیرو سەمەرە دەبیت کاتێ ئەو حیزبانە خۆیان بەسەر خەلکیەوە حاکم بن، هەروەها لە نێو کێشمەکێشی سیاسەتی جیهانی سەبارەت بە عیراق‌و فشار لەسەر دەولەتی عیراق، ئاسانەو هیچی تێ ناچێ دروشمی ئۆتۆنۆمی بگوردرێت بە دروشمی فدرالیەت.

هینانە ئارای ئەم دروشمەش دووبارە نەك خواستی خەلکی نەبووەو ئامانجەکانی خەلکی کوردستان ناهێنێتەدی، دروشمیکی نازلی کۆنەپەرستانەی ناسیۆنالستەکانە بۆ رەسمەیت دان بە دەسەلاتیان لەسەر بنەمای کوردایەتی، واتە جیاکردنەوەو دابەشکردنی عیراقە لەسەر بنەمای نەتەوەپەرستی‌و ئاینی‌و تائیفی، فدرالیەت یانی دابەشکردنی دەسەلات لە نیوان کوردو عەرەب‌و ئیسلامیەکاندا، سفەتی ئنسانی بوون لە خەلکی عیراق وەردەگرنەوەو تەعریفیان دەکەن لەسەر بنەمای مەزهەب‌و نەتەوەو عەشیرەت...، لەم ریگەیەوە هەردوو حیزبی دەسەلاتدار لە کوردستانی عیراقدا بەناوی کوردبون‌و کوردایەتیەوە شەرعیەت بەدەسەلاتی میلشیایان ئەدەن، وەك کورد شەراکەت لە دەسەلاتدا ئەکەن، ئیتر ئەو دەسەلاتە هەرچیەك بێت مەسەلەیەك نییە بۆیان گرنگ ئەوەیە بە ناوی کوردەوە بەشیان هەبێت، هەر بۆ ئەمەش هەموو جۆرە ئیمزایەك بۆ عروبەو ئیسلامی سیاسی دەکەن‌و دەیان کەنە برا گەورەی خۆیان خزمەتیان دەکەن.

یەکیتی نیشتمانی کوردستان‌و پارتی دیموکراتی کوردستان بە جۆریکی وەها دروشمی فدرالیان لە گووتارەکانیاندا دەرازاندەوە کە بواری هیچ پاشەکشەیکی تیا نەبوو، لە هەموو بۆنەو باس‌و خۆشی‌وناخۆشی‌و شەرو ئاشتیەکدا وەهایان نیشان ئەدا یەك زەرە دەست لە فدرالیەت هەلناگرن، هەتا وەك دەستکەوتیکی مسۆگەرو مەسەلەیەکی براوەیە، بەردەوام دەیان ووت عیراق دەولەتیکی فیدرالەو هەموولایەنەکان لەسەری رێکەوتون، ئەم مەسەلەیە بەجۆریك تەشەنەی کرد هەتا ناسیۆنالستی کوردی لە بەشەکانی تری کوردستان وەك حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران کەوتە بەرگری لە فدرالیەت‌و خەوبینین بە فدرالیەتەوە، ئەوانیش دروشمی ئۆتۆنۆمیەکەی بۆ کوردستانی ئیران فرێداو چوونە ریزی برا فیدرالیستەکانیەوە.

پاش بێنەو بەرەو ململانێ لە نیوان لایەنە سیاسیەکانی تری عیراق لەبەرەی کۆنەپەرستی عروبەو ئیسلامی سیاسی لە سەر دەستووری عیراق، ناسیۆنالستی کوردی زۆر شەرمنۆکانەو بێ باکانە چۆکی داداو "دەستووری ئیسلامی و عیراقی ئتحادی کە بەشیکە لە وولاتانی عەرەبیو ئیسلامی" قەبول کرد، لەگەل ئەوەشدا رایان گەیاند ئەم دەستووره دەستکەوتیکی گەورەیە بۆ "گەلی کورد"، ئەو دەستوورەی ماف خەلکی کوردستانی خستە ژیر پێو حیزبەکانی کوردایەتی کرد بە برا پچوكو خزمەت کار، کە خەریکە لەو زەمانە خراپتر دەبێت کە دەیان ووت صدام حسین ئەندازیاری ئۆتۆنۆمیە.

بودەلەییو جۆکدادان بۆ بەرژەوندی حیزبایەتی سفەتیەکی ناسراو بەتەجروبەی هەردوو حیزبی دەسەلاتداری کوردستانە، جگە لەوەی ریگر بون لە بەردەم خواستی جیابونەوەی بەرهەقی خەلکی کوردستان، بۆ دروشمەکانی خۆشیان هەمیشە خاوەنی پاشکەشەو دەست ماچ کردنو شکست بون، بەدەستی خۆیان فدرالیەکەیان خستە ناو زبلدانەوەو کردیانە قوربانی روحی سیستانیو حەکیمو جەعفەریو جمهوری ئیسلامی ئیرانو بەرژەوەندیەکانی دەولەتانی دراوسێ، وەلحال بەر لەوەی فدرالیەتەکەیان بکەوێتە بەر هەرەشەو توورەیی جەماوەری رادیکالو ئازادی خواز، هەر بۆخۆیان خستیانە ژیر هەرەسی دەستوورەوە.

دەستووری عیراق ئتحادی بیت یا فدرالی بە جیا لەوەی هیچ مافو دەستکەوتیکی بۆ خەلکی کوردستان بەرەسمی نەناسیوەو نایناسی، ئەوە ئاشکرایە ئایندیەکی تاریك دەخاتە بەردەم تەواوی خەلکی عیراقەوە، لە هەمان کاتدا هەردوو حیزبی دەسەلاتدار لە کوردستاندا دەکاتە پاشکۆو بەرژەوەندی سیاسەتی دەولەتی مەرکەزی کە هیزە کۆنەپەرستەکانی عروبەو ئیسلامی سیاسی رمبازێنی تیا دەکەن، کە مایەی بەش مەینەتیو نەهامەتیو دژی ئینسانیە.

ئەم دەستووره لە ژیر ناوی عیراقی فیدرالی بیت یا ئیتحادی هیچ لە ناوەرۆکی کۆنەپەرستیو دژی ئینسانیەکەی کەم ناکاتەوە، بەلام عیراقی ئیتحادی مانای پاشکۆیو تەنازولو سەرشۆری ناسیۆنالستی کوردە کە ئایندەیکی ترسناکترمان بەرەورووو دەکەنەوە.

حیزبەکانی کوردایەتی بە تەواوی هەستو نەستیانەوە ریکەوتن لە سەر "عیراقی یەکپارچەی ئیتحادی عەرەبی ئیسلامی دیموکراتی"و بە دەستکەوتیکی مەزنیشی لە قەلەم ئەدەن

ئەم دەستووره  تەنها بە نارەزایەتی بەرینی خەلکی دەپێچریتەوە، ئەم دەستووره  جیلکە وەژاندنە بۆ گەرم کردنی شەریکی ناوخۆیی تایفی، کە دەمیکە بۆتە مایەی مەترسی خەلکیو رای جیهانی، ئەم دەستووەرو ئەو هیزانەی لە پشتی ئەو دەستوورەن گەرم کەری ئاگری ئەو شەرەن، نابێ بهیلین سەر بگرێو لەوە زیاتر مالویرانمان کەن، دەنگی پێ مەدەنو ریسوای کەن، با بە هیزی هەموو لایەکمان دەست بەجێ بی پێچینەوە.